

هەڵبژاردنەکانی 12ی ئایار عێراقی هەژاند
ئایا ئەمجارە ئێران لە عێراقدا شکستی هێنا؟!

کاروان محەمەد سینۆ


لەساتەکانی نوسینی ئەم بابەتەدا (رۆژی سێ شەممە)، خولەک بە خولەک نووچەی نوێ دەربارە ئەنجامە بەراییە (نافەرمییەکانی) هەڵبژاردنی عێراق 2018 لە میدیاکانی ناوخۆ و جیهاندا بڵاو دەبوونەوە. منیش جار جار نووسنی ئەم بابەتەم هەڵدەپەسارد و چاوەروانی نوچەی نوێم دەکرد... بەهەرحاڵ، لەئەنجامدا نووچەی پێشکەوتنی لیستی (سائرون) لە سەرانسەری عێراقدا بڵاو بووەوە کە لیژگەڕی شیعە (موقتەدا سەدر) رابەراتی دەکات. هاوکات پرسیارێک لە لام دروست بوو: "ئایا ئەمجارە ئیران لە عێراقدا شکستی هێنا"؟!، بۆیە هەر ئەم پرسیارەم کردە تەوەری ئەم بابەتەی کە ئێستا لەبەردەستی خوێنەراندایە.

(موقتەدا ئەل سەدر) لە ریزبەندی یەکەمدایە

لە رۆژی سێشەممە 15ی ئایار، لە کۆنگریەکی رۆژنامەوانیدا، کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی عێراق، لە کۆی 18 پارێزگا،کە بەرێژەی 95% دەنگەکان ئەژمار کراون، ئەنجامە بەراییەکانی 10 پارێزگای عێراقیان راگەیان،). بەپێی راگەیاندنەکەی کۆمسیۆنی بالا هەڵبژاردنەکان لەبەر ئەوەی دەنگەکان بەتەواوی لە8شاری دیکەدا ئەژمار نەکراوە، بۆیە ئەنجامی دەنگەکان رانەگەینرا لە شارەکانی (هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کەرکوک و نەینەوا و سەلاحەدین و میسان و نەجەف). بەڵام لە هەر 10 پارێزگاکەدا کە ئەنجامەکانیان راگەینرا (تاکو نوسنی ئەم بابەتە) هاوپەمانی (سائرون) کە پێکهاتووە لە (رەوتی سەرد و حزبی شیوعی عێراق) بە ریزبەندی یەکەم هاتووە و 45کورسی پەرلەمانی بەردەکەوێت. ئینجا هاوپەمانی (ئەل فەتح) کەلە هەقبەندی تەواوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی (سەر بە ئیران) پێکهاتووە بەسەرۆکایەتی (هادی ئەل عامری) لە ریزبەندی دووەمدایە و 45 کورسی بەردەکەوێت. ئینجا هاوپەمانی (ئەل نەسر) بەسەرۆکایەتی (حەیدەر ئەل عەبادی) لە ریزبەندی سێهەمە و 39 کورسی بەردەکەوێت و هاوپەمانی (دەولەت ئەل قانون) بەسەرۆکایەتی (نوری ئەل مالکی) لە ریزبەندی چوارەمدایە و 25 کورسی بەردەکەوێت. پاش ئەمانە هاوپەمانیێتی (ئەل وەتەنیە) بەسەرۆکایەتی (ئەیاد عەلاوی) لە ریزبەندی پێنجەمدایە و 16 کورسی بەردەکەوێت. شایانی باسە، هەتا ئەگەر ئەنجامەکان هەڵبژاردن 100% ئەژماریش کران (1تا 2 کورسی) زیاد دەبێت یاخود کەم دەبێت، ئەمەش هیچ لە بابەتەک ناگۆڕێت و گاریگەرییێکی ئەوتۆی نابێت. شایانی باسە بەم ژمارە کوردسیانە هیچیەک لەو قەوارە و لیست و هاوپەمانیانە، ناتوانن راستەوخۆ لە پەرلەمانی عێراقدا حکومەتێکی زۆرینە بەرهەڤ بکەن، بۆیە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق پێویست دەکات قەوارە عێراقییەکان هاوپەمانی نوێ پێک بهێنن، چونکە هەرقەوارەیەکی سیاسی عێراق گەر بیەوێ تەنها خۆی حکومەت پێک بهێنێت، پێویستی بە 165کورسی پەرلەمان دەبێت لە تێکرای (328)کورسی پەرلەمانی عێرق. کەواتە قەوارە براوەکانی کەلەسەروە ناومان بردن هیچێکیان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن راستەوخۆ حکومەتی داهاتووی عێراق پێک بهێنن.

چۆن حکومەتی داهاتووی عێراق پێک دەهێنرێ

بەپێی دەستووری عێراق، پاش راگەیاندنی فەرمی تەواوی ئەنجامەکای هەڵبژاردن، پێویستە لە ماوەی 90 رۆژدا پەرلەمان و محکومەتی عێراق پێک بهێنرێ بەم شێوەی خوارەوە: سەروکی کۆماری ئێستای عێراق داوا لە پەرلەمانتارانی دەرچوو لە هەڵبژاردن دەکات بۆ بەستنی یەکەم کۆبوونەوە لەماوەی 15 رۆژداپاش راگەیاندنی فەرمی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. ئینجا پێویستە پەرلەمانتاران بەرێژەی رەها سەرۆکی پەرلەمان و دوو جێگر هەڵدەبژێرن. پاشان لە ماوەی 30 رۆژدا، پێویستە پەرلەمانی نوێ بەرێژەی 2 لە 3سەرۆک کۆماری نوێی عێراق هەڵدەبژێرن. ئینجا سەرۆکی کۆماری نوێ، کاندیدی قەوارەی براوەی یەکەمی هەڵبژاردن (وەکو سەرەک وەزیران) رادەسپێرێت کە لەماوەی 30 رۆژدا حکومەتی نوێی عێراق پێک بهێنێت. ئەگەر (سەرەک وەزیران)ی راسپێردراو نەیتوانی لەماوەی دیاری کراودا حکومەت پێک بهێنێت، ئەوکات سەرۆک کۆمار داوا لە قەوارەی براوەی دووەمی هەڵبژاردن دەکات کە لە ماوەی 15 رۆژدا حکومەتی نوێی عێراق پێک بهێنێت. واتا تێکڕای ماوەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بەپێی دەستور نابێ لە 90 رۆژ تێپەڕ بکات پاش ڕاگەیاندنی فەرمی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.



ئەنجامە بەراییەکانی کەلە رۆژی سێشەممە 15ی ئەیاردا راگەینران، عێراقی هەژاند و بەدووربوو لە پێشبینی لایەنە سیاسیی یەکانی عێراق و چاودێرانی سیاسی و وڵاتانی دەڤەرەکە، بەتایبەت دەولەتی جمهوری ئیسلامی ئیران. چونکە قەواە سیاسییەکانی سەر بە رژێمی ئیران (هادی ئەل عامری و نوری ئەل مالکی) لە ریزبەندی دووەم و چوارەمدان، واتا هیچێکیان ناتوانن راستەوخۆ حکومەت پێکبهێنن کە خەون و هەوڵ و تەقەلای ئیران بوو لە سالانی ڕابردوودا. وەکو لەسەروە باسمان کرد هیچێک لە قەواە براوەکان ناتوانن راستەوخۆ حکومەتی داهاتووی عێراق پێک بهێنن. کەواتە میکانزمی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ئالۆز و بە کێشمەکێش دەبێت. بەم شێوەیە ئیران شکستی هێنا لە هەوڵی چەند ساڵەی خۆی بو دەستەمۆکردنی حکومەتی داهاتووی عێراق.

سیناریۆی پێکهێنانی حکومەتی داهاتۆی عێراق چۆن دەبێت؟

ئەستەمە لە ئێستاوە بتوانین پێشبینی سیناریۆکانی چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دیاری بکەین، بەتایبەت کە تاکو ئێستا ئەنجامە فەرمییەکانی هەڵبژاردن ڕانەگینراون و بێگومان گوشار و دەستێوەردانی ئەمریکا و سعودیا و ئیرانی بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەرییەنان دەبێت بەسەر سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەت، بەڵام دەکرێ هێڵە گشتییەکانی سیناریۆکان هەڵنجێنین.

شاراوەنییە کە بەشێوەیەکی گشتی لایەنە عێراقییەکان بەسەر دوو بەردا دابەش بوونە.

- بەردیەکەم (بەرەی ئەمریکا)یە: ئەگەرچی پێشووتر قەوارەی یەکەم (موقتەدا سەدری) دوژمنایەتی ئەمریکای مایەی ڕەزامەندی هەموو عێراقییە نیشتمانییەکانەو تارادەیەک جێگای ڕەزامەندی سوننە و ئەمریکا و تەنانەت کوردیشە (بێجگە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و کۆمەڵ کە ئەمان تاکو سەر ئێسقان لە زولکاوی ئیراندا نغرۆبوونە)، هەروەها هەڵوێستی (موقتەدا) جێگای ڕەزامەندی (ئەیاد عەلاوی)و تارادەیەک (حەیدەر عەبادی)شە. پێمایە کە (عەلاوی و عەبادی)ش ڕاوێژی ئەمریکا ئامادەیی ئەوەیان هەیە بخزێنە نێو هاوپەمانیێتی (موقتەدا ئەلسەدر)، بەم شێوەیە و بە چاودێری ئەمریکا (موقتەدا دەتوانێ هاوپیمانییەکی زۆرینە دژی بەرەی ئیران پێکبهێنێ و لە ئەنجامدا حکومەتی داهاتووی عێراق بەرهەڤ بکات و لەم ڕووەوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەمریکاش پاڵپشت و ڕێخۆشکەر دەبێت.

- بەرەی دووەم (بەرەی ئیران)ـە: بێگومان عێراق باخچە و پاوانی ئیرانە، ئیران چەندین ساڵە بێهۆدە لەهەوڵ و تەقەڵادایە کە باڵ بەسەر عێراقدا بکێشێت و تەنانەت دژایەتی لسیتی (موقتەدا) بۆ دەسەڵاتی ئیران و حەوزەی (قم) سەرچاوەی گرتووە.

ئەم دوو حاڵەتە یاخود ئەم دووهەڵنجانەی سەروە، ناکرێ بە سیناریۆ ناوی ببەی بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی دوو حاڵەتی گریمانەیی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق. چونکە دوور نییە لایەنێک لە لایەنەکان لەم بەرە بخزێتە بەرەی دیکە. ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵ و گوشارەکانی ئیران لەلایەک و ئەمریکاو سعودیا دەبێت لەلایەکی دیکە.

کورد چی بکات؟

بەداخەوە!... پاش ڕووداوە خیانەتکاریەکەی 16ی ئۆکتۆبەر و بەدەستەوەدانی کەرکوک، نێومالی کورد لێکترازا، هەروەها شەوی 21ی ئایار کاتێک لە سلێمانی تەقەلە مەکۆی سەرەکی (گۆڕان) کرا لە گردی (زەرگەتە)، بەم شێوەی نێومالی کورد تەواو قلیشایەوە. بۆیە بەدووری دەبینم (ئەمەش ڕای تایبەتی خۆمە) کە هەردوو بڕاوەی یەکەم و دووەمی کوردستان (پاتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی) بەیەکەوە هاوپەمانیێتی لەگەڵ لیستی (موقتەدا سەدر) بکەن، هەروەها دلنیام لە ئێستادا پارتی بە یەک مەسافە لە هەموو حزب و لایەنەکانی عێراقە، بەڵام بێشک پارتی ئەو هاوپەمانیێتیە هەڵدەبژێرێت کە بە دەن ماف و خواستەکانی خەڵکی کوردستانەوە بێت.

بەڵام بە دووریش نابینرێت کە پارتی هاوپەمانیێتی لەگەڵ (ڕەوتی سەرد) بکات، لەبەر دوو هۆکار.

یەککەم: یەکێتی ناتوانێت لە فەلەکی ئیران دەربچێت و هاوپەمانیێتی لەگەڵ لیستی (موقتەدا) بکات مەگەر بە گوشاری ئەمریکا نەبێت، ئەوکات پاڵپشتی ئیران لەدەست دەدات. هۆکای دووەم: پارتی دیموکراتی کوردستان ناخوازێ بچێتە بەردەیەکەوە کە دژی خواست و مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان بێت، ئینجا لەبەر ئەوەی لە عێراقدا تەنها (موقتەدا سەدر) هەرگیز دژایەتی خۆی بۆ ماف و خواستەکانی خەڵکی کوردستان دەرنەبڕیوە.

لەکۆتاییدا... هیوادارم هەموو لایەنە کوردستانییەکان براگەوردیی پارتی دیموکراتی کوردستان قبوڵ بفەرموون چونکە پارتی حزبێکی ڕەسەنی کوردستانە و لە ناخی خەڵکەوە هەڵقوڵاوە لە کاتی تەنگانەدا تەنها پارتی پاریزەری مافی و موڵکی خەڵکی کوردستان بووە با ئیتر بەسبێ ئەم لێکترازانە!، هەموو حزب و خەڵکی کوردستان دەزانن کە پارتی زامنی هێمنی و ئارامی و ئازادی و پێکەوەژیان و سیستەمی دیموکراسییە لە کوردستاندا، بێگومان ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو (پاش ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن) لە سلێمانی ئەم خەسڵەتانەی پارتی لە کوردستانی سەلێنران و دیاربوو کە سەرتاسەری کوردستان بۆ پاراستنی هێمنی و ئارامی و ژیانی دیموکراسی و پاراستنی خاکی کوردستان چەند پێویستی بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.



ڕابردوودا. وەکو لەسەروە باسمان کرد هیچێک لە قەواە براوەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ حکومەتی داهاتووی عێراق پێک بهێنن. کەواتە میکانزمی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ئالۆز و بە کێشمەکێش دەبێت. بەم کردووە، بەڵام ئێستا (موقتەدا) بەئاشکرا دژی ئیرانە و نزیکە لە سعودیا و پێویایە دەبێ لە عێراقدا شیعە (زۆرینەی عێراق) لەژێر باڵی تەڤگەری حەوزەی (نەجەف)ی عێراق پێک بهێنن. کەواتە میکانزمی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ئالۆز و بە کێشمەکێش دەبێت. بەم شێوەیە ئیران شکستی هێنا لە هەوڵی چەند ساڵەی خۆی بو دەستەمۆکردنی حکومەتی داهاتووی عێراق.

زاڵبوونی هەرەشەکانی ئیران بەسەر حەوزەی (نەجەف). چونکە ئیران (حەوزەی قم) لەڕووی ئایدیاوە جیاوازی ئایدیۆلۆجی هەیە لەگەڵ حەوزەی (نەجەف)ی عێراق (لێرەد دەرفەتی ئەوەمان نییە ڕوونی بکەینەوە). هەروەها عێراق هێڵی بەرگری یەکەمە بۆ ئیران پاڵپشتێکی ئاشکرابوو بۆ (موقتەدا ئەل سەدر) لیستەکی موقتەداش ئەم ردوشمەی (سیستانی) زۆر بە سیستماکی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەکاری هێنا و سوودی لێ وەرگەت، هەروها پاڵپشتی (سیستانی) بۆ (موقتەدا) لە